# حکومەتی ئێکسپایەری کوردوستان

سەردار عەزیز

بۆ حکومەتی خراپ ساتەوەختی ریفۆرم (چاکسازی) ترسناکترین ساتە وەختە، ئەلکیس دی تۆکفیل. ئەم ووتەزایەیی تۆکفێل کە یەکێکە لە هەرە ناسراوترین کۆمەڵناس و فەیلەسوفە رامیاریەکانی دونیا؛ بەرامبەر چەندین کێشەمان ئەکاتەوە. تۆکفێل لە ئەدەبیاتی سیاسیدا زیاتر بەکتێبە بەناوبانگەکە دەربارەی ئەمریکا ناسراوە. ئەم کتێبە، دیموکراسی لەئەمریکا تا رۆژی ئەمرۆش بە یەکێک لە هەرە گرنگترین کتێبەکان دائەنرێ کە دەربارەی کۆمەڵگاو سیستەمی حوکم لەو ووڵاتەدا نووسرابێت. ئەم ووتەیە تەنها رایەک نیە لە شارەزایەکەوە دەربارەی کێشەیەک بەڵکو تا هێندێک حەقیقەیەتێکی مێژووی هەیە. لە لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی ئۆکسفۆرد بۆ کۆتایی شەری سارد، کاتێک دەربارەی گۆرباتچۆف قسەئەکات بەم ووتەزایە دەست پێئەکات. گۆرباتچۆف کەسێک بوو کە وەک زۆربەی سیاسەتمەداران لەم پەندە بێئاگابوو.
دیارە هەموو سیستەمێ ئەگەر خەمی ئەوەی بێت چۆن بەباشترین شێوە خزمەتی هاووڵاتیانی بکات، ئەوا دەبێ هەردەم لە نوێبوونەوەدا بێت، چونکە داخوازی خەڵک هەردەم لە گۆراندایە. ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە، هەر سیستەمێک بۆ ئەوەی توانای هەبێت بەرەو پێشەوە بڕوات و نەوەستێ هەردەم پێویستی بە پیاچوونەوە و چاکسازی هەیە. لەو ووتەیەی تۆکفێلەوە فێرئەبین کە ئەگەر چاکسازی دوابخرێ ئەوا حکومەت خراپ ئەبێت، ئەگەر هاتوو حکومەت گەشتە ئاستی خراپ بوون ئەوا بە چاکسازی چارەسەر نابێت بەڵکو دەبێ بگۆردرێت.

حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت تەنانەت بەلای دەزگاکانی سیخووری رۆژئاواوە وەک سی ئای ئەی چاوەنواری ئەوەی لێنەئەکرا کە وەک شێرە بەفرینە بتوێتەوە. بەڵام هەموو لەوە ئاگاداربوون کە سیستەمەکە گەشتووەتە بن دەست و پێویستی بە گۆرانە یان بە چاکسازی و کرانەوە وەک گۆرباتچۆف ناوی لێنا. ئەم ساتەوەختە مێژوویە لە زۆر رووەوە لە ئێستای حکومەتەکانی کوردوستانی باشور ئەچێ. حکومەتەکانی کوردوستانی باشور لە ناوەوە ژەنگیان هەڵهێناوە. زۆر کەم ئەندام هەیە لە هەردوولا کە برواى بە مەسەلەکە مابێت. ئەمە وەهای کردوە کە کەس لەوێ نیە بۆ ئەوەی خزمەت بکات بەڵکو هەموو لەوێن بۆ دەوڵەمەندبوون و خۆشگوزەرانی. ئەمە هۆی سەرەکی گەندەڵیە وە بەهیچ شێوەیەک و بە هیچ هێزێک چارەسەر ناکرێ. لە یەکێتی سۆڤیەتیش بە هەمان شێوەبوو، کەس نەمابوو بڕوای بە بنەماکانی حیزب مابێت. کوردایەتی وەک سۆشیالیزم مایەی گاڵتەجاریە. ئەمە مانای ئەوەنیە کە کورد کێشەی نەماوە.
زۆر بە روونی حکومەتەکانی هەرێمی کوردوستان سالانێکی زۆرە پێویستیان بە چاکسازی هەیە، بەلام یان نایەنەوێ یان بێشارەزاییان لە بواری سیاسەتدا وەهای لێکردوون کە نەتوانن هەست بە پێویست بوونی بکەن. بۆیە تازە درەنگە بۆ چاکسازی. سروشتی حکومەت وەهایە، کە خراپ بوو چاک نابێت. حکومەتێ دەتوانێ چاک بێت یان بە ریفۆرمدا بڕوات کاتێک کە حکومەتێک بێت لە خەڵکەوە هەڵبژێردرابێت و بڕوای بە خزمەتی خەڵک هەبێت. حکومەتی وەها دەبێت کراوەبێت، گوێگربێت، کێشەی خەڵکە سادەکان بە هێند وەرگرێ.
لەوەتەی رۆشنبیری کورد زمانی گرتووە، دیارە تا ساتی ئێستاش زۆر هەن کە لە خانەی رۆشنبیراندان و زمانیان نەگرتووە، هەردەم نموونەی رۆژئاوا و جۆری سیستەم و کەلتورەکەی ئەهێننەوە کەچی سیاسەتی کوردی حەجاج بەرهەم ئەهێنێت. ئەوەندە باسی دەسەڵات و فۆکۆ کرا، خەریکە ئەبێتە مایەی شەرم. کەچی دەسەڵاتی کوردی زیاتر بەرەو جەنگەڵەکانی ئەفریقا ئەچێت و بێتوانایە لە چاکەو بەتاڵە لە جوانی.
هەر رۆژەو شارێ بێزار ئەبێت. سەیر ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردی باش باشێ لەوە بەئاگایە کە کەس بڕوای پێیان نەماوە، بۆیە هەموو سیاسەتەکانیان بۆ کرینی بێدەنگیە. بەڵام مەترسی لەوەدایە کە بێدەنگی تا هەتایە ناککرێت بۆیە ئێمە ئێستا لەبەردەم قۆناغێکی نوێداین. قۆناغێ کە ئیتر توقاندن و زەبر و زەنگ دەبێتە زمانی سیاسەتکردن. مێژوو ئەوەی سەلماندوە حکومەت تا زیاتر تۆقێنەربێت زیاتر لاوازی خۆی دەرئەخات.
پاش روخانی یەکێتی سۆڤیەت شێوازی چین-ی لە چاکسازی هاتوتە ئاراوە. شێوازێک کە سیاسەت و ئابووری لەیەک جودائەکاتەوە. لەرووی ئابووریەوە دەبێتە لیبرال و لەرووی سیاسەتەوە هەر بە دیکتاتۆر ئەمێنێتەوە. ئەم شێوازە بە سوود وەرگرتن لە هەرەسەکەی گۆرباتچۆف هاتوتە ئاراوە. بەڵام بە هیچ جۆرێ لە ماوەیەکی درێژخایەنا سەرکەوتوو نابێت. کاتێك بۆ بەرنامە رادێوکەمەر لە زانکۆ چاوپێکەوتنم لە گەڵ قوتابییە چینیەکان سازدا، بە ئاشکرا پێیانەوە دیاربوو کە لەترسی دەسەڵاتی حکومەتەکەیان بەردەوام

درۆیان ئەکرد. حکومەتە کوردیەکان بۆنی ئەم پلانەیان لێدێ، بە تایبەت ئەو بەرنامەیەی کە هەوڵ ئەدرێ لە هەموو خێزانێک کەسێک یان چەند کەسێک بکرێتە مووچەخۆر. سوکایەتیە بە مرۆڤی کوردو مافەکانی ئەگەر بەو سوکیە تەماشا بکرێت و وا بیری لێبکرێتەوە کە زۆر بە هەرزان دەمی دائەخرێت.
حکومەت وبەڕێووبردنی کارێکی ئاڵۆزە و لە توانای هەموو کەسێک دا نیە. میژووی مرۆڤ خوێناویە لەگەڵ دەسەڵاتدا. بۆیە حکومەتە مۆدێرنە نوێکان هەردەم لە خەمی ئەوەدابوون چۆن دەسەڵات هاوسەنگ بکرێت. لێرەوە چۆنێتی دارشتن و ئەندازیارێتی حکومەت مەرجی سەرەکی زامنکردنی حکومێکی عادیلانەیە نەک کەسەکان. دەبێ لەوە دڵنیابین کە مرۆڤەکان فریشتە نین، وە هەرکەسێ بیەوێ خۆی وەک فریشتە پێشاندات ئەوا مایەی مەترسیە.
لەرووی ئەخلاقیەوە ئەگەر هەموو حکومەتەکانی دونیا بەرەو خراپبوون برۆن نەدەبو حکومەتی کوردی وەهای لێبێت. چونکە کورد بێمافترین نەتەوەی سەرزەویە. بۆیە ئەرکی سیاسەتی کوردی بوو کە حورمەتی مرۆڤانە بۆ تاکی کورد بگێرێتەوە نەک پشتگوێی خات و هەرکاتێکیش کە بەدەنگ هات بیداتە بەر گوللە. هەر ئەم بێمافیەیە کە لەلایەن سیاسەتمەدارەکانی کوردوە وەک چەکێک دژ بە خەڵکی کورد بەکارهاتووە.
لێرە لە ئایرلەندا کاتێک کە لە دەسەڵاتی ئینگلیز رزگاریان بوو، حکومەتی نوێ بریاریدا کە پۆلیس نابێت بە هیچ جۆرێ چەک هەڵگرێ، چونکە ئەم پۆلیسە دەبێ جودابێت لە پۆلیسی داگیرکەران. ئەگەر با‌رووده‌ۆخی کوردوستان بەو جۆرە لەبارنیە، ئەوا بەلای کەمەوە دەبوو ئاسایش و پۆلیسی کوردی بۆ پاراستن و خزمەتی مرۆڤی کوردبێت نەک دەسەڵات.
دیارە چەمکی ئێکسپایەر لە فەرهەنگی کوردیا هەردەم بۆ داودەرمان بەکارهاتووە. ئەگەر دەرمانێ ئێکسپایەربووبێ ئەوا بەکارهێنانی زیانی لێدەکەوێتەوە لەبری قازانج. هەرچەندە ئەو دەرمانە لە بنەرەتدا تەنها بۆ مەبەستی چاکە دروستکراوە. حکومەتی کوردی بەداخەوە ئێستا لەو بارووده‌ۆخەدایە بەڵام تراژیدیاکە لەوەدایە لەوە ناچێ لەبەکارهێنانی بوەستێ. دەسەڵاتی کوردی لەبەردەم دووریانێکدایە؛ یان لەم دۆخەی بەردەوام بێت یان بە چاکسازیدا بروات. ئەگەر بەردەوام بێت ئەوا بەم زوانە دەبێتە دوژمنی گەل، ئەگەر بە چاکسازیدا بروات ئەوا وەک شێرە بەفرینە ئەتوێتەوە.
ئەم دۆخە ئاسان نیە. سیاسەتمەدارانی کورد لەم دوایانەدا لە میدیاکانەوە تورەبوون و بێزاریان پێوەدیارە. زمانی میدیاکانیش پڕبووە لەو ووشەو چەمکانەی کە چل ساڵە بە گوێی خەڵکا ئەدرێ. گێرەشێوێن، پیلانگێر، بەکرێگیراو. دیارە زمانی دیموکراسی زمانی تاوانبارکردن نیە. ئەگەر لە ناو خەڵکی کورددا خەڵکی لەو جۆرە هەبن، ئەوا تەنها ریگا بۆ لەناوبردنیان لە رێگای خەڵکەوە دەبێ، کاتێک خەڵك حکومەتەو حکومەتیش بۆ خەڵکە. وەک چۆن دەستووری ئەمریکی بەناوی خەڵکەوە دەستپێئەکات. حکومەت چەندێک بەهێزە ئەوەندەش ترسنۆکە. ئەگەر ئەو هەموو شارانەی کوردوستان بوون بە خیانەتکارو بەکرێگیراو ئەوا ئێمە وەک نەتەوەیەک لە بەردەم قەیرانێکی بوونگەری سەختداین. بەڵام زۆر بەئاشکرا کێشەکە بەو جۆرە نیە. راستی هەردەم نەوتراوە یان لە باشترین بارودۆخدا گوێ لێنەگیراوە.